ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟»، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، -پێیانی فەرموو کە پەروەردگار- فەرموویەتی: «بەیانی هات بەسەر بەندەکانمدا؛ هەندێکیان ئیمانیان بە من هێنا، وهەندێکیان کافربوون -بێباوەڕبوون بە من-

لە زەید کوڕی خالید ئەلجوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ کردین لە نوێژی بەیانی لە حودەیبیە پاش ئەوەی شەوەکەی باران باری، کاتێک نوێژەکە تەواو بوو ڕووی لە خەڵکی کرد، فەرمووی: «ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟»، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، -پێیانی فەرموو کە پەروەردگار- فەرموویەتی: «بەیانی هات بەسەر بەندەکانمدا؛ هەندێکیان ئیمانیان بە من هێنا، وهەندێکیان کافربوون -بێباوەڕبوون بە من-، ئەوەی ووتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی فەزڵ وڕەحمەتی اللە؛ ئەوەی ئیمانی بە من هێناوە وکافر بووە بە ئەستێرەکان، بەڵام ئەوەی کە ووتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی ئەستێرەی فلّان وفلّانەوە؛ ئەوا کافر -بێباوەڕ- بووە بە من وئیمانی هێناوە بە ئەستێرەکان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی لە حودەیبیە کرد -ئەمیش لادێیەکە نزیک مەککە- پاش ئەوەی باران باری لەو شەوەدا، کاتێک سەلامی دایەوە ونوێژەکەی تەواو کرد ڕووی لە خەڵکی کرد، پرسیاری لێیان کرد: ئایا دەزانن پەروەردگارتان -عز وجل- ئەمشەو چی فەموو؟ ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ڕوونی کردەوە کە خەڵکی لەپاش باران بارین دابەش بوون بەسەر دوو کۆمەڵ: کۆمەڵێک باوەڕیان بە اللە هەیە -سبحانه وتعالى-، وکۆمەڵێکی تر کوفریان کرد بە اللە -سبحانه وتعالى- ؛ ئەوەی ووتی: بە فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورە بارانمان بۆ باری، هۆکاری باران بارینەکەی گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی خوای گەورە؛ ئەمە باوەڕی هەیە بە اللە کە پەروەردگاری گەردوونە و بەڕێوەبەریەتی، وبێباوەڕە بە ئەستێرەکان. بەڵام ئەوەی ووتی: بەهۆی فلّان وفلّان ئەستێرە بارانمان بۆ باری ئەوا کوفری کردووە بە اللە، وباوەڕی هەیە بە ئەستێرەکان، وئەمە کوفری بچووکە چونکە هۆکاری باران بارینەکەی گەڕانەوە بۆ ئەستێرەکان؛ واتا باوەڕی وایە خوای گەورە بڕیاری لەسەر هۆکاری شەرعی وقەدەری نەداوە بۆ باران بارین. بەڵام هەرکەسێک پێی وابێت دابەزینی باران وهتد لە ڕووداوەکانی سەر زەوی هۆکارەکەی جوڵانەوەی ئەستێرەکانە لە دەرچوون ونەمانیان و ئەوان بکەری ڕاستەقینەن وەدەسەڵاتیان هەیە بەسەریاندا، ئەوا ئەمە کوفری گەورەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65010